# چاوپێکەوتنی دەنگەکان لە گەڵ بژاری شاعیر

*رزگارعومەر :- کاك بژار ئەزموونی شیعر لە لای تۆ بە چ گۆڕانکاریەك تێپەڕیوە ، بۆ نموونە تۆ بە سەرەتایەکی دەتوانم بڵێم رۆمانسی دەستت پێ کرد ، دواتر تێکەڵ بەو جۆرە لە نووسینی شیعر بووی کە دەتوانین بە زۆر شت تەعبیری لێ بکەین ، ئەدەبی مولتەزیم ، ئەدەبی شۆڕشگێڕ ..هتد ، تۆ چۆن ئەم تایبەتمەندیانەی ئەم ئەزمونەت هەڵدەسەنگێنی ؟*



**بژار : - ووشەی ئەزموون بۆ خۆی گەلێك توخممان بە بیر دێنێتەوە کە دەبن بە پێکهاتەی , لەوانە تێڕوانین و پرۆسەی نووسین و هەڵسوکەوتی رۆژانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاستی رۆشنبیری و هتد . ئەزموون لە مەیدانی شیعردا پێ بە پێی نەشونما کردنی توانا فکری و تەکنیکییەکان پێدەگات . ئەگەر شیعر بە دوو بەشی سەرەکی و لە یەك جیا نەبووەوەی شێوە و ناوەرۆك بزانین ئەوا ئەزموون بە مانای بردنە پێشەوەی هەمەلایەنەی ئەو دوو بەشەیە لە پەیوەست بە گۆڕانکارییەکانی ناوەوەی شاعیر و ئاستی هەمیشە روو لە سەری مامەڵە کردنی لەگەڵ دیاردە و رووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا . وە لێرەوەیە کە من چ وەك تەمەن و چ وەك تێگەیشتنم لە دنیای شیعر و دەوروبەر بە ماتەریاڵی ئەزموونێکی سنووردار دەگەم . ئەگەر سەرچاوەی رۆمانسییەت لە شیعرەکانمدا خۆشەویستییەکی بێ سنوورو دڵدارییەکی بە ئاکام نەگەیشتوو بێت , ئەوا وەکو سەرەتایەك کە دەست پێ دەکات و وەکو ئەو گۆڕانکارییانەش کە دێت بە سەریدا , لە چڕ بوونەوەیەکی بێ ئەندازەدا دەبێت بە یەك توخمی بنچینەیی لە سەرتاپای ژیانی شیعریمدا . وە هەر ئەمەشە کە وام لێ دەکات قۆناغ بەندیی لە ئەزموونی شیعریی خۆمدا و لە نێوانی رۆمانسیزم و ریالیزم و ریالیزمی سۆشیالیستیدا بەدی نەکەم . ئەگەر بە جۆرێکی تر گوزارشت لەم بیرۆکەیە بدەم , دەڵێم ئەو رۆمانسیزمەی کە لە سەرەتاوە رژاوەتە ناو شیعرەکانم , هەتا ئێستاش درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و لە هەموو شیعرێکی سیاسیمدا بە بێدەنگی و بە نهێنی شەپۆل دەدات . من لێرەدا مەبەستم لە یەك رەنگیی تاقیکردنەوەکان و راوەستانی هەڵچوونی نەمامی ئەزموونی شیعریی و هەژارییم لە مەیدانی تەکنیکدا نییە , بەڵکو مەبەستم لە بە یەکدا چوونی بەشەکانی یەك ئەزموونی شیعرییە کە لە پلەکانی گەشەکردنیدا هەمەگیر بووە . ئەگەر مەسەلەی دڵداری , ئیلتیزام لە نێوان دوو کەسی عاشق بە یەکتری پێك دەهێنێت , ئەوا مەسەلەی چینایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی و هتد , ئەم ئیلتیزامە لە روانگەی شاعیرەکانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەوە بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستێکی**

زۆر باڵا تر و بەر فراوانتر . من وەکو شاعیرێکی سەر بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم ئیلتیزامێکی چینایەتیم لە بەرانبەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا هەیە . ئەم ئیلتیزامە چینایەتییەم چونکە هێندە بەرین دەبێتەوە کە مرۆڤایەتی دەخاتە باوەشیەوە , ئیتر هەست بە هیچ جۆرە قەیدوبەندێك ناکەم لە دەست و پێی شیعرمدا . من لە ڕوانگەی ئیلتیزامی حزبییەوە سەیری شیعر ناکەم , چونکە ئەوە بە لە قاڵب دان دەزانم , نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە ئیلتیزامی چینایەتیمەوە سەیری حزب و ئیلتیزامەکەشی دەکەم . واتە ئەو دونیایەی دەمەوێت شیعرەکانم تیایدا لە دایك بن , دنیای خەباتی چینایەتی , هێندە گەورە و فراوانە کە هەموو دنیاکانی تر لە ناویدا جێگەیان دەبێتەوە . شیعری شۆڕشگێڕانەش وەکو شیعری دڵداری لە خۆشەویستیدا شەپۆل دەدات , بەڵام نەك بۆ تاکە کەسێك بەڵکو بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی .
من ڕێبازی شۆڕشگێڕانەم بۆ شیعرەکانم هەڵنەبژاردووە , ئەوان منیان بۆ ئەو کارە دیاری کردووە . جۆش و خرۆشی ناوەکی شیعر تەنیا خاسیەتێکی ڕۆمانسی نییە , ئیلتیزام و شۆڕشگێڕیەتی لێی دابڕاو نین و دژایەتییەکیان لە بەرانبەریدا نییە , ئەو شاعیر و نووسەرانەی بە نامۆی دەزانن لە شیعری سیاسی , تێگەیشتنیان بۆ یاساکانی شیعر پێچەوانەیە . ئەزموونی شیعرییم وەکو کۆمەڵێك هەوڵ و بەرهەم و هەڵوێستی جۆراوجۆری لە یەك دانەپچڕاو بەشێك لە ژیانم پێك دەهێنن . لەگەڵ ئەوەشدا کە خودی خۆم بە درێژایی مێژووی شیعرەکانم توخمێکی کارای ئامادە بوو بووم تیایدا , بەڵام هاوکات بەدەر لە ویست و ئارەزووی من , ئەو کاروانە بە ڕێگایەکدا کە هەڵی بژاردووە ڕۆیشتووە . ئەزموونی شیعریی من وەیان هەر شاعیرێکی تر , هەرچەندە لە ڕواڵەتدا وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دێتە بەرچاو , بەڵام لە جەوهەردا پەیوەند دەبێتەوە بە کۆمەڵێکی هێجگار زۆر لە فاکتەری ڕەنگاوڕەنگەوە . بێگومان لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە , هەڵسەنگاندنی ئەزموونی شیعریی کارێکی ئاسان نابێت و ڕووبەری چەند لاپەڕەیەکی ئەم چاوپێکەوتنەش بواری توێژینەوەی ئەو بابەتە نادات , بۆیە ئەوەی کە لێرەدا ووتوومانە و دەیڵێین , لە چەند هێمایەکی کورت و دەرگا کردنەوەیەکی خێرای چەند بابەتێك و چاو پیاخشاندنێکی سەرپێیی زیاتر شتێکی تری تیا نادرێت بە دەستەوە .
مەسەلەی ئیلتیزام لە شیعردا , بۆ خۆی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ هەیە . ئەڵبەتە مەسەلەی ڕۆمانسیەت و ئەزموون و شۆڕشگێڕیەتیش لە شیعردا هەر بە هەمان شێوە ئاڵۆزن و دەبێت بە هەناسە درێژییەوە کاریان لە سەر بکرێت . من بۆ خۆم ئەگەر ڕۆمانسیەت و ئەزموون و ئیلتیزام لە یەك هاوکێشەدا ببینم , ئەوا بە زیاد کردنی ڕادیکالیزم بۆ سەریان هەرچەندە بارودۆخێکی نوێ بە خۆوە دەگرن , بەڵام لە چوارچێوەی شیعرێکی سەرکەوتوودا یەکانگیر دەبن . ئەم تێبینییەم بەو مانایە نییە شیعرە جیاوازەکانی تر ڕەت بکەمەوە , چونکە ئەوە تاوانێکە کە من لە ژیانمدا پێی هەڵنەستاووم و پێشی هەڵناستم . ئەوەی کە لێرەدا جێگای سەرنجی منە , ڕادیکالیزم نەك هەر نامۆ نییە بە دنیای شیعر , بەڵکو لە کەشوهەوایەکی سیاسیدا ڕەونەقێکی تر بە شیعر دەدات . شیعر گرمۆڵە کردن لە سۆزێکی هەڕەمەکیدا , پێش ئەوەی ساویلکەیی تێڕوانینەکە پیشان بدات , زنجیر کردنی شیعر خۆیەتی . بۆ ئەوەی شیعر ئازاد

**بێت , دەبێت ئەو قاڵبانە بشکێنین کە تیایدا گیری دەدەن . ئیلتیزامی چینایەتیم بە شیعری شۆڕشگێڕانەوە لە ڕوانگەی لابردنی سنووره شیعرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت . وە هەر لەوێشەوە ئەزموونی شیعرییم بالاّ دەکات و دەستی سەرەتاکانی شیعرم لە تەوقەیەکی بەردەوامدا دەگوشێت و ڕۆمانسیەتیش وەك یادگارێك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و وەکو توخمێکی چالاکیش لە پڕۆسەی دروست بوونی شیعرەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت و دەوڵەمەندیش دەبێت .**

ڕزگارعومەر :- دەمێکە ئەدەبی مولتەزیم لە ژێر فشارە ، چ بە هۆی گرفتە ئیستاتیکیە بێ وەڵامەکانی ئەم جۆرە لە نووسین ، چ بە هۆی بەرژەوەندی سیاسی جیلواز ، چ بە هۆی کەم بوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەو قەڵەمانەی کە لەم دیدگایەوە شیعرو بەرهەمیان دەنووسی ، بەڵام تۆ بە پێ ی ئەم بە رهەمانەی کە تا ئێستاش بلاّویان دەکەیتەوە واز لەم جۆرەی نووسین ناهێنی ، لۆژیکی پەنای ئەم بەردەوام بوونە چی یە ؟



**بژار :- ئەدەبی مولتەزیم لە لایەن هەڵگرانی ئەم ڕێبازەوە بەو مانایە لە ژێر فشارە کە لە لایەکەوە ئیلتیزام وەکو خاسیەتێکی سیاسی بۆ شیعر ڕەچاو دەکەن و لە لایەکی تریشەوە بە گوێزانەوەی شیعر بۆ دنیای هەست و سۆز , ئەو خاسیەتەی بە تەواوی لێ دادەماڵن . ئەمە چۆنیەتی بیر کردنەوەی ئەو کەسانەیە کە ئیلتیزام وەکو بەشێکی سروشتی پێکهاتەی شیعر نابینن . ئەوان بابەتێکیان نییە بە ناوی ئیلتیزامەوە کە لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت کردنەوە درێژە بە ژیانی خۆی بدات . لەو هەموو شیعرانەی کە لە بوارەکانی جوانی و سروشت و خۆشەویستیدا دەنوسرێن , هەست بە بوونی پەیوەندییەکی گیانیی ناکەن کە ناوی ئیلتیزام بێت . ئیلتیزام ئەو تەنیا بوونەوەرەیە کە لە جوگرافیای بیردا واتای ژیان پەیدا دەکات , نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەو جوگرافیایەشدا ڕای دەکێشنە ئەو بەشەوە کە بە سیاسەتەوە پەیوەست دەبێتەوە . ئەگەر واوەتر بڕۆین لە هەرێمی سیاسەتیشدا هەڵی دەبرن بۆ ئەو جێگایەی کە بە ئەدەبی شۆڕشگێڕ ناوزەد دەکرێت . یانی سەر و بنی مەسەلەکە دەبەستنەوە بە کێشەی خۆدان لە گۆڕنکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە . کەواتە ئەم جۆرە ناوزەد کردنەی ئیلتیزام و داماڵینی خاسیەتی شیعریی لێی لە بناغەدا بۆ ڕەخنە گرتنە لە تێکەڵاو بوونی شیعر بە خەباتی شێلگیرانەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادی خواز و ئینسان دۆست . ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئیلتیزامی شیعریی و هێنانە خوارەوەی ڕۆڵی کاریگەرانەی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا وپاساودانی بەوەی کە گرفتە ئستاتیکییەکانی بێ وەڵامە , لە بنەڕەتدا تێڕوانینێکی چینایەتییانەیە کە لە بەرەی ئۆردوگای سەرمایەداریدا و بە دژی سۆشیالیزم سەنگەر**

دەگرێت . من بەش بە حالی خۆم گرفتی ئیستاتیکی بۆ شیعرێك كە ئیلتیزامی سیاسی هەڵگرتبێت نابینم . ئەوە چۆنیەتی توانای شیعریی و هەژانی ناوەكییانەی شاعیرە كە بوون و نەبوونی گرفت لەم نێوەدا دیاری دەكات . مەسەلەی جوانناسی ئەگەر لە پرۆسەی گەشە كردنیدا پەیوەندی بە قۆناغە مێژووییەكانی بزووتنەوەی شیعرەوە هەبێت , ئەوا بە جیاوازی نێوان قوتابخانە شیعرییەكان و كێشە كۆمەڵایەتییەكان و بابەتە جیاوازەكانی هەر سەردەمێكی دیاری كراوەوە پەیوەست نابێتەوە . خودی ئەم جوانناسییە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرەكە و لەوێشەوە پەیوەندی لەگەڵ چەندین فاكتەری تردا پەیدا دەكات . گرفتی جوانناسی هەرچەندە لە لایەن شاعیرەكەوە كۆنترۆڵ ناكرێت , بەلام خودی شاعیرەكە مەیدانی پێكدادانی ئەو توخمانەن كە توانا و ڕێرەوی ئیستاتیكی شیعرەكە دەست نیشان دەكەن . ئەوانەی كە پێیان وایە ئیستاتیكای شیعریی جوانییەكی ئاوێزانە بە ناسكی و ئەمەش بۆ خۆی دەكەوێتە ناكۆكییەوە لەگەڵ زبریی سیاسەتدا و لە دواییشدا ئیلتیزام وەكو دەرئەنجامێكی سروشتی و هەڵوێست گرتنێكی دروست لەو سیاسەتەی پێ لە مەنگەنە دەدەن , ڕێك پێناسەیەكی داتاشراو لە واقعیەتێكی ئاوەژوو كراو , كە بالانسی بەرژەوەندییە چینایەتییەكانیان دەكات لەم مەیدانەدا , دەدوورن بە بالای ئیستاتیكادا . نە ئیستاتیكا لە دایك بووی نەرم و نیانییە و نە سیاسەتیش ( بە هەموو باڵەكانیەوە ) زبریی لە سەر خۆی تاپۆ كردووە . ئەگەر ناسكیی خاسیەتێكی جەوهەریی جوان ناسی بێت , ئەوا بە پێی تێڕوانینی چینایەتییانەی جیاواز جێ گۆڕكێ بە خۆیەوە دەبینێت . جوانناسی شیعریی لە بواری سیاسەتدا بە مانای زبر بوونەوەی ناسكیی نایەت , بەڵكو بە مانای تێهەڵكێش بوونی ئەو ناسكی یەیە لە ئازادی مرۆڤ و ڕزگار بوونی خودی جوانناسیشە لەو زنجیرانەی بە ناوی ناسكی و شەپۆلی سۆزەوە دەكرێنە دەست و قاچییەوە . ئەڵبەتە سیاسەت بۆ خۆی وە بە شێوەیەكی گشتی دوو جۆری هەیە كە ئەوانەش بە پێی تەوەرە بەستن بە دەوری بەرژەوەندییە چینایەتییەكانی بۆرژوا و پرۆلیتاریادا دیاری دەكرێت . ئیستاتیكای شیعری سیاسییش لە بواری سفتی و زبری دا بە پێی تێڕوانینی چینایەتی جیاواز هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكرێت و , جگە لە چێژە گشتییەكەی , چێژی تایبەتی لەو ڕوانگانەوە بۆ خوێنەر بە دەستەوە دەدات . گرفتی ئیستاتیكی ئەدەبی مولتەزیم لەوێوە نییە كە بێ وەلامە , لە بنەڕەتدا لەوێوەیە كە بەرەی كۆمۆنیزم و ڕادیكال , بە دامەزراندنی حوكومەتی كرێكاری وەلامی پراكتیكییان بە بەرەی سەرمایەداری نەداوەتەوە . بەو پێیەی كە ئیلتیزام وەكو خاسیەتێكی ئەدەبی شۆڕشگێڕ بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤی چەوساوە بەرز دەكەنەوە و تین وتەوژمی چەوساوەكانی دنیاش بۆ ڕاپسكاندنی زنجیری دیلێتی لە ئاستێكی لاوازدایە , ئەو ئەدەبەش بە هۆی ئەو بارودۆخەوە كەوتووەتە ژێر فشارێكی عەینی یەوە و ئیلتیزامەكەشی بێگومان هەمان حاڵەت بە خۆیەوە دەگرێت . لە ڕاستیدا ئەدەبی مولتەزیم گرفتی ئیستاتیكای نییە , ئەو گرفتانەی كە هەیەتی كۆمەڵایەتی و سیاسییە . دوور كەوتنەوەی ئەو قەڵەمانەی كە لە دیدگای ئەدەبی مولتەزیمەوە , خۆت واتەنی , دەیاننووسی , پەیوەند دەبێتەوە بەو هێرشە جیهانییەی كە لە پاش ڕووخانی بلۆكی سۆڤیەتەوە بەرەی بۆرژوای بازاڕی ئازاد لە ڕۆژئاوادا كردوویەتیە سەر بەرەی كۆمۆنیزم و ڕادیكالیزم لە سەرانسەری جیهاندا .

**دوور کەوتنەوەی ئەو قەڵەانە لە گۆڕانی بۆچوونە سیاسییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرئەنجامی ئەو هێرشە جیهانییە و هاوسەنگی تازەی هێزەکانە لە کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا . واتە هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی گرفتی ئیستاتیکییەوە نییە . من بۆ خۆم کە شیعری سیاسی دەنووسم , نەك هەر کێشەیەکم لەگەڵ ئیستاتیکادا نییە , بەڵکو پەنا بردنیشم بۆ مشتوماڵ کردنی شیعرەکانم لە باری هونەرییەوە تەنیا بۆ ئیستاتیکایە . ناسکی ئەگەرچی بەشێکە لە ئیستاتیکا بەلاّم پێناسە نییە بۆی . ئیستاتیکا هەر لە کێش و سەروا و ئیقاعەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە هەژان و بیر و بابەت و هتد . ئیستاتیکا توخمێك نییە لە ناو شیعرداسەربەخۆ هاتوچۆ بکات , دەزوویەکە بە هەموو توخمەکانی سەرتاپای شیعردا ڕایەڵ بووە . شیعری سیاسی ئەگەر نەڵێم لە هەموو شیعرەکانی تر زیاتر , ئەوا لانی کەم بە قەد ئەوان پێویستی بە ئیستاتیکایە . من بۆ خۆم هەست دەکەم ئیستاتیکا بۆ شیعری سیاسی ڕەوان دێت بە دەستەوە ( بەدەر لەوەی کە توانای شیعریی من سنووردارە ) . لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیستاتیکا وا دەردەکەوێت کارێکی خودیی ( زاتی ) بێت بەلاّم من لە شیعری سیاسیدا بە پێویستییەکی کۆمەلاّیەتیشی دەزانم . واز نەهێنانی من لەم جۆرەی نووسین لە بڕوا بوونمەوەیە بە شۆڕشی کۆمەلاّیەتی چینی کرێکار و ڕاگەیاندنی (حکومەتەکەی ) ی و دامەزراندنی سۆشیالیزم . من نەك پێم وا نییە کە شیعر لەم مەیدانەدا وشك دەبێتەوە و خاسیەتە ئیستاتیکی یەکەی بە ڕادەیەکی زۆر لە دەست دەدات , بەڵکو پێم وایە تەڕوپاراوییەکەی هەم زۆر و هەم خۆڕسکانە دەبێت . ئەو لۆژیکەی کە جوولاّنەوەی شیعریی من دەخاتە ژێر باڵی خۆیەوە , هەبوونی بۆشاییەکی شیعریی و پێویستییەکی کۆمەلاّیەتی و زەمینەیەکی سیاسی گونجاوە . نهێنی واز نەهێنانم لەم جۆرەی نووسین , هەوار خستنی کاروانی شیعریمە لە جەرگەی کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا .**

ڕزگارعومەر:- کاتی خۆی لە شاعیر ( ئەحمەد شاملو) یان پرسی ، ئەدەب و سیاسەت لە کوێ بە یەکتر دەگەن ؟ ئەو ووتی : ڕێك لە سەرمەیتی یەکتر ! ئەی لەلای تۆ ئەم دوو دونیایە چۆن بە یەکتر گەیشتوون ؟

**بژار :- سیاسەت ئەگەر وەکو زانستی یەکلایی کردنەوەی کێشە چینایەتییەکان و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکانی چینی کرێکارەوە سەیری بکەین , ئەوا دەبێت وورد بینانە بە ناویدا شۆڕ ببینەوە و ژیرو بیژانە ڕۆشنایی بخەینە سەر شوێنە تاریکەکانی . ئەم دەقەرە ( سیاسەت ) شارەزا بوون لێی چەندە گرانە , وون بوونیش تیایدا ئەوەندە ئاسانە . هەر حزبە و لە چۆنیەتی تێگەیشتنیەوە بۆ هاوسەنگی هێزەکان لە لایەکەوە , وە لە لایەکی تریشەوە ڕاگرتن و هێشتنەوەی جێگا و ڕێگای خۆی لەو نێوەدا و لە بزووتنەوەیەکی هەمیشە ڕوو لە سەردا , دەبێتە کرۆکی ئەو تێڕوانین و مامەڵە کردنەی کە لەمەڕ سیاسەتەوە هەیەتی و دەیکات .**

ئەگەر بۆ حزبەکانی سەر بە ئۆردووگای سەرمایەداری بەو پێیەی کە ئامانجەکانیان پیرۆز نییە و ڕێگای نا پیرۆزیشی بۆ دەگرنە بەر , سیاسەت کردن تەنیا هونەری بردنەوەی دەسەلآت بێت , ئەوا بۆ حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم ڕێك بە پێچەوانەوەیە . سیاسەت کردن بۆ هەر حزبێکی مارکسیستی لە ئاسۆی ڕزگار بوونی چینی کرێکارەوە سەرچاوە دەگرێت , بۆیە پەیوەست دەبێتەوە بە خستنە گەڕی هەموو توانایەکی مرۆیانە لە مەیدانەکانی بیر و کرداردا و گرتنە بەری هەموو ڕێگایەکی پیرۆزیش دەبێت بە ئامڕازی دەستەبەر کردنی ڕۆیشتن و گەیشتنی کاروانی خەباتی چینایەتی بەو ئامانجە پیرۆزە . سیاسەت وەکو دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی و بەشێك لە سەرخانی کۆمەلْ , یاسا ناوەکی و دەرەکییەکانی جوولآنەوەکەی دابیین دەکەن . جا بۆ پەی بردن بەو سیستمی جوولآنەوەیە , دۆزینەوەی ئەو یاسایانە پێویستە . لێرەدا کە دەگەینە ئەم خالە , ئیتر سیاسەت لە باری تیۆرییەوە پاراو دەبێت و لەگەلْ ئاسۆ و ئامانجی شیعردا کە چێژ و بەختەوەری و ڕزگار بوونی تەواوی مرۆڤایەتییە , بە یەك دەگەن و لە بۆتەی خەباتێکی هاوبەشدا بە مل یەکدا دەتوێنەوە . سیاسەت و شیعر نەك لە سەر مەیتی یەکتری بە یەك ناگەن , بەلْکو دوو چرای داگیرساوون بۆ یەکتری و دوو ڕێبواری سەر یەك ڕێگەن . نە سیاسەت هونەری فڕوفێلْ و چاوبەست کردنە لە جەماوەر و نە شیعریش بەرهەمی وەبەر هاتووی پرۆسەی خەیالْ بازیی شاعیرەکانە . ئەگەر سیاسەت لە ئەنجامی بە یەکدادانی چینەکانەوە و لە سەر بناغەی ژێرخانی کۆمەلەوە بۆ گەیشتن بە دەسەلآت و دامەزراندن و سەقامگیر کردنی یەکێك لە دوو سیستمە کۆمەلآیەتییەکە , سەرمایەداری و سۆشیالیزم , دێتە گۆڕێ , ئەوا شیعریش بە هەندێك جیاوازییەوە لە نێو ئەو کێشمەکێشەدا و بە بەشدارییەکی سەرومڕ و بە هێنانە دەرەوەی ئاسۆ و ئامانجە مرۆییەکان و لە دووتوێی سەنگەر گرتنی چینایەتییەوە و پەل هاویشتنی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان و دابەش بوونی بە سەر چین و توێژەکانی کۆمەلْگادا و خزمەت کردن بە بەرژەوەندییەکانیان لە دایك دەبێت . ناساندنی سیاسەت و شیعر بە زبری و سفتی , نا مرۆیانە و مرۆیانە , ووشکی و تەڕی , نا سۆزاوی و سۆزاوی , بێوەفایی و وەفاداری , درۆ بێژی و ڕاست بێژی و هتد , پڕوپاگەندە و تێڕوانینی لایەنگرانی سەرمایەدارین . ئەوان بەم کارەیان دەیانەوێت شیعر و هەموو بەشەکانی تری ئەدەب و هونەر لە سیاسەت دوور بخەنەوە بۆ ئەوەی ڕۆلْی شۆڕشگێڕانە , کە خەباتی سیاسی و کۆمەلآیەتی چینی کرێکار گەرمتر دەکات , نەبینن . یانی ئەوان بە لە قالْبدانی شیعر بەم شێوەیە , دەیانەوێت چەکێك لە دەست جەنگاوەرانی بەرەی چەوساوەکان و هۆشیار کەرەوەیەکی گرنگی کۆمەلآیەتییان دەر بهێنن . ئەم مەسەلەی نا تەبایی شیعر و سیاسەتە هێندە بەربلآو و کاریگەرە کە تەنانەت بەشێکی بەرچاوی لە ئازادی خوازان و ڕادیکالیست و مرۆڤ پەروەرانیشی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە .

ئەحمەد شاملۆ کە بە تواناترین شاعیری نیوەی دووەمی سەدەی ڕابووردووی ئێرانە و بە شیعرەکانیشی سەلماندوویەتی کە لە مەیدانی ئەدەبدا لە ڕیزی پێشەوەی پێشکەوتن خوازاندایە , بە لامەوە سەیر نییە کە ئەو دەربڕینە لەمەڕ شیعر و سیاسەتەوە بەکار دەهێنێت , ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی مەنسوور واتەنی : شاعیری بزووتنەوەی ئێمە ( بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ) نییە . من دلْنیام ئەگەر ئەحمەد شاملۆ

**شاعیری بزووتنەوەی کۆمۆنیوم بووایە , قەت بەو شێوەیە گوزارشتی لە پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت نە ئەدا . من نامەوێ لێرەدا بچمە توێژینەوەیەکەوە کە شیعری تێدا یەکالا بکەمەوە و لەوێوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سیاسەتدا دەر بهێنم . چونکە ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی دەوێت و ئەم چاوپێکەوتنەش ئەو دەرفەتەی تیا نارەخسێت . ئەوەی کە شیاوی باسە بۆ من , یەکانگیر بوونی ئەم دوانە ( شیعر و سیاسەت ) ناگەڕێتەوە بۆ هەبوونی چەند گرێبەستێك و ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییانەی داسەپێنراو بۆ پەیدا بوونی پەیوەندییەکی دەرەکییانە لە نێوانیاندا , بەڵکو لە بنەڕەتدا بە پێی یاساکانی دابیین کردنی بزووتنەوەی ناوەکییان ئاوێزانی یەکتری بوون و پەیوەندییە دەرەکییەکانیشیان هەڵهێنجراوی ئەو بارودۆخە سروشتییە ناوەکییانەیانە . ئەڵبەتە بۆرژووا چۆن سیاسەتی هەیە و دەیکات , ئاواش شیعری هەیە و دەینووسێت . سیاسەتمەدارانی بۆرژووا و شاعیرەکانیان هەمان ڕۆڵی چینایەتی لەمەڕ خزمەت کردن بە چینەکەی خۆیان دەگێڕن . بەڵام نوێنەرە سیاسییەکانی بۆرژووا بەو ڕادەیە گرنگی بە شیعری چینەکەی خۆیان دەدەن کە بتوانێت وەکو مادەی سڕکەر لە سەر جەماوەر کاریگەریی هەبێت و ڕێگەش لە چوونە پێشەوەی شیعری خەباتکارانەی چینەکەی بەرانبەری بگرێت . دوور خستنەوەی شیعر لە سیاسەت بۆ بۆژووا زۆر سوود مەندە . لە گۆترە نییە کە لە هەموو لایەکەوە کەوتوونەتە گیانی شیعر , بە خۆڕایی ئەو هەموو ووتار و نامیلکە و پەرتووکانەی لە سەر دەرناکەن . هێرش کردن بۆ سەر شیعر , هێرش کردنە بۆ سەر هەموو بەشەکانی تری ئەدەب و هونەر . لە شیعرەوە هەموو جارێك دەست پێدەکەن , چونکە شیعر سەنتەرە . ئەگەر شیعر بڕووخێنن , توانای ڕووخاندنی ئەوانی تریشیان لە هەگبەدایە . شیعر ئەو بورکانەیە کە بەستەڵەکی بییرەکان دەکاتەوە . بۆرژووا باش ئاگای لەوەیە بۆیە قەت وازی لێ ناهێنێت . لە ڕاستیدا گرفتەکە لەویادا نییە کە نوێنەرە فەرهەنگی و سیاسییەکانی بۆرژووا چۆن لە شیعر دەڕوانن و بە چ شێوەیەك لێی دەدەن و چ داوێکی بۆ دەنێنەوە , بەڵکو گرفتەکە لە بڵاو بوونەوەی پەتای پڕوپاگەندەیان و تووش بوونی ژمارەیەکی بەرچاوە لە شیعر ویستان و قەڵەم بە دەستانی ڕادیکال و ئینسان دۆست پێی . وەڵامدانەوەی ئێمە بۆ هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی ئەوان سەبارەت بەو هێرشەیان بۆ سەر شیعر لە لایەنێکیدا بەر گرتنە بە تەنینەوەی ئەو پەتایە و لە لایەنێکی تریشیدا یارمەتیدانی چاك بوونەوەی تووش بووەکانە . بۆرژووا بە هەڵگرتنی لافیتەی دەرکردنی شیعر لە جوگرافیای سیاسەت , نەك هەر لە بەرانبەر شیعری شۆڕشگێڕانەدا ڕادەوەستێتەوە , بەڵکو شیعری چینایەتی خۆیشی لەو بوارەدا دەکاتە قوربانیی سەرکەوتنی پیلانەکەی .**

ڕزگار :- ماوەیەك لە مەوبەر زنجیرە ووتارێکت لە سەر شاعیری بەرزی کلاسیك نالی بڵاوکردەوە ، من لەم هەوڵ دانەی تۆ دوو شت بە خەیاڵما دێ ، یەکەم : - تۆ زیاتر وەکو شاعیرێکی مولتەزیم ئەنووسی ، چۆنە سەر لە نالی و ئەدەبی کلاسیك دەدەی ؟ دووەم :- لەم لێکۆڵینەوەی کردت ئەتویست بە کورتی چی تازە لە بارەی نالی بە خوێنەران بڵی ی ؟

بژار :- من بەو مانایە شاعیرێکی مولتەزیمم کە سەر لە ئەدەبی هەموو قۆناغەکان و قوتابخانەکان بدەم . بە هۆی پەیوەندییە چینایەتییەکانمەوەیە کە ناتوانم لە قاوغێکی بەرتەسکدا خۆم مەڵاس بدەم . ئیلتیزام بۆ من دەرگا کردنەوەیە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا , پەل هاویشتنە بۆ هەر شوێنێك واتا مرۆییەکان و داهێنان و نوێخوازی تیا بدۆزمەوە . ئەوە ئیلتیزام نییە کە جوڵانەوەی من سنووردار دەکاتەوە , چونکە ئیلتیزام هەمیشە هەموو کۆمەڵگا بە مەیدانی ململانێ دەزانێت . ئەدەبی کلاسیکی لە ڕوانگەی خەباتی چینایەتیمەوە ڕەت ناکرێتەوە , بەڵکو بە ڕەخنە گرتن و هەڵبژاردن , بە بەراوورد لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا , مشتومالێ دەکرێت . ئەدەبی کلاسیکی بۆ من جێگای شاخ و باڵ لێ ڕوواندن نییە , بەڵام دەستکەوتێکی گەورەی ڕۆشنبیریی نەوەکانی پێشووە و جێگای فەرامۆش کردن نییە . بێ باکین لە ڕەخنە گرتن لە لایەنە فکری و هونەرییە لاوازەکانی , بەڵام بێباکیشین لە هەڵبژاردن و ستایش کردنی لایەنە ڕەونەقدارەکانی . سەردانی من بۆ ئەدەبی کلاسیکی لە ڕاستیدا سەردان نەبووە , چونکە من پێش ئەوەی شیعرەکانم بە کەشوهەوای شیعری ئەوانەوە موتوربە بکەم و لەگەڵیاندا گەورە ببن , ناسیوومن و ناسیاویەتیەکەشم هەمیشە بەرەوسەر هاتووە . نالی وەکو بە تواناترین شاعیر لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا , ئاشنایەتی گیانییم هەیە لەگەڵ مۆسیقا و وێنە و دەربڕینە شیعرییەکانیدا . ئێستاش هەندێك لە شیعرەکانی کە دەیانخوێنمەوە بە ئەفسوونی دەسەڵاتەکەی زیاتر لە جاران سەرسام دەبم . من وەکو شاعیرێکی مولتەزیم بە ڕزگار بوونی چینی کرێکار و هەموو بەشمەینەتەکانی کۆمەڵگاوە , ناتوانم پەلی خوێندنەوە و تێڕامان و نووسین بۆ هەموو کون و قوژبنەکانی ئەدەبی مرۆڤایەتی درێژ نەکەم , وە ناتوانم لەو بێشەیەدا بۆنی هەموو گوڵێکی بۆنخۆش و گەشاوە نەکەم . شیعری نالی هەرچەندە دڕك و داڵێکی فکریی زۆری بە خۆیەوە گرتووە , بەڵام لە باری هونەرییەوە بێشەیەکی سەر تا خوار ڕازاوەیە لە گوڵ . لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی نالی کارێکی نامۆ نییە بە ئیلتیزامی سیاسی و شیعریی من , چونکە شیکردنەوە بە بەکارهێنانی میتۆدی مارکسیستانە لە هەچ بوارێکدا بێت , ئاسوودەیی دەبەخشێت بە گیانم . من پێنج ووتارم بە زنجیرە لە کۆی شەش ووتار کە لە سەر نالی ئامادەم کردبوو , بڵاو کردەوە . هەرچەندە پرۆژەکەم تەواو نەکردبوو , بەڵام هەندێك شتم تیا دابوون بە دەستەوە . بە لای منەوە زۆر لایەنی تاریك لە ژیانی نالیدا هەیە کە هێشتا ڕۆشن نەکراوەتەوە , لەو چەند ووتارەدا پەنجەم بۆ هەندێکیان ڕاکێشاوە . خۆت واتەنی بە کورتی دەمویست بە خوێنەر بڵێم : نالی ئاشقی حەبیبە بووە , بەڵام حەبیبە ئاشقانە نالی خۆش نەویستووە . حەبیبە هەم ڕێزی نالی هەبووە لای و هەم سۆزێکی بەزەیی ئامێزیشی بۆ هەبووە . حەبیبە بە زۆر بە شوو دراوە و مێردەکەشی خاوەن پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی بووە . حەبیبە نەیویستووە کێشە بۆ نالی دروست بکات و ڕازیش نەبووە نالی ئەو کێشەیە گەورە بکات , بۆیە جوابی نالی کردووە . بزووتنەوەی سۆفیزم لە ناوچەی سلێمانی دژایەتی نالی یان کردووە و لە تراجیدیای ژیانی نالی دا دەستیان هەبووە . ئەوەی کە حەبیبەی هێناوە , کەم و زۆر پەیوەندییەکی لەگەڵ سۆفییەکاندا هەبووە .

**نالی هەرچەندە مەلا بووە , بەڵام کابرایەکی دنیایی و کراوە بووە . نالی هەر تەنیا ئەو شیعرانەی لە سەر حەبیبە دانەناوە کە ناوی حەبیبەی تیا هاتووە , بەڵکو چەندین شیعری تری دیوانکەی کە ناوی حەبیبەشی پێوە نییە , هەر بۆ حەبیبەی داناوە . ئەمانە و زۆر شتی تریش هەبوون کە دەمویست لە دووتوێی شیعرەکانیەوە بچمە بنج و بناوانیەوە , بەڵام بە داخەوە پرۆژەکەم بۆ ماوەیەکی زۆرە وەستاوە . بەو هیوایەم لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێمەوە سەری . لە توێژینەوەی شیعرەکانی نالیدا زانیاری کۆمەڵایەتی , ئاستی بییر کردنەوەی خەڵك , چۆنیەتی داب و نەریت و کاریگەرییەکانی , کێشەی سیاسی و هتد بە ڕادەی جۆراوجۆر بە دەست دێت . شیعرەکانی نالی ئاوێنەیەکی بێگەردی سەردەمەکەشی نەبێت , بەڵام لانی کەم ئاوێنەیەکی بێگەردی ئەو بابەتانەیە کە لێی دوواوە . ئەو جگە لە وێنەی بەهێزی شیعریی و قووڵی واتا و هونەری ڕۆیشتن و گەیشتن بە ئامانج , مۆسیقای شیعرییشی بە ڕادەیەکی زۆر بردووەتە پێشەوە . خۆم بە تەمام لە دەرفەتێکدا و لە دووتوێی ئەو پرۆژەیەمدا شتێك لە سەر مامەڵەی نالی لەگەڵ مۆسیقای شیعریی و ئاستە جیاوازەکانی ئەو مۆسیقایە و چۆنیەتی هاتنەوەیان لەگەڵ خودی شیعرەکاندا و پیشاندانی ڕۆڵی پۆزەتیڤانە تیایاندا , بنووسم . توانای شیعریی نالی لای ئێمە چۆن جێگای پەسنە , لای خۆیشی هەر وا بووە . ئەو کە باسی شیعرەکانی خۆی دەکات و پیایاندا هەڵدەدات , مەبەستی لە خۆ قەبە کردن نییە , بەڵکو ڕاستییەکمان لە دلا بۆ دەچەسپێنێت کە لامانە . ئەو دەڵێی گیانی خۆی بە لفکە شۆردووە , هێندە بە پاکی لەو بارەیەوە قسەمان بۆ دەکات . نە نووسین لە سەر شیعرەکانی نالی و شۆڕ بوونەوە پیایاندا کاری یەك و دوانە و نە هەڵە کردنیش تیایاندا سەیر و سەمەرەیە . ڕۆیشتن بە ڕێگای توێژینەوەدا , هەمیشە شان دانە بەر کارێکی قورسە . بەدەر لەوەی کە پلەی توانای مرۆڤەکان لەم بوارەدا جیاوازن , بەدەر لەوەی کە بتوانن خوێنەر بە تەواوی ڕازی بکەن یان نا , بەدەر لەوەی بە مەرامی خۆیان بگەن یان نەگەن , بەدەر لەوەی هەستانیان بەم ئەرکە ئاسان بێت بۆیان یان تاقەت پڕووکێن , مادەم ئامانجەکانیان هێنانە دەرەوەی ڕاستییەکانە , ئیتر لەگەڵ ڕاست کردنەوەی کەموکووڕییەکانیاندا دەبێت جێگای پێزانین بێت .**

ڕزگارعومەر :- خوێندنەوە ، پرۆسەی دەوڵەمەند کردنی فەنتازیاو خەیاڵی شیعریە ، ئەو کتێبانە چین ، ئەو نووسەرو شاعیرانە کێن بە هەموو جیاوازیەکانی خۆیانەوە ، کە حەز دەکەی کتێبەکانیان هەمیشە لە ماڵەکەت هەبێ ؟

**بژار :- خوێندنەوە پێش ئەوەی پرۆسەی دەوڵەمەند کردنی فەنتازیا و خەیاڵی شیعریی بێت , هۆکاری کرانەوە و بەرفراوانی بیر و پەیدا کردنی شارەزایی هەمەلایەنە و گەیشتن بە ڕێگای سەرکەوتووتری هەڵسوکەوت کردن و , ماندوو نەبوون لە هەوڵدان بۆ دەرهێنانی ڕاستییەکان و هەڵبژاردنی بابەتی سەردەمانە و خستنە ڕووی کرۆکی مەرامەکان و پەی بردن بە چێژی گشتی و دۆزینەوەی هونەری وەڵامدانەوەیە بە داخوازی توخمەکان لە خۆ ڕێکخستنەوەی هەمیشەیی شیعرییاندا . زۆر پرساری بێ وەڵام**

هەیە لە هەر یەکێك لە مەیدانەکانی ئەدەب و هونەر و سیاسەت و کۆمەڵ ناسی و سایکۆلۆجی و هتد کە ڕوون بوونەوەیان پەیوەستە بە چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتییەوە . هەرچەندە لە هەر یەکێك لەو بوارانەدا هەنگاوی گەورە لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانەوە نراوە و دەستکەوتی باش بە دەست هاتووە , بەڵام



هێشتاش بۆ هەر یەکێك لەوانە هەزار و یەك دەرگا کراوەیە بۆ چوونە ژوورەوە و پشکنینی زیاتر و تێگەیشتن و دەرهێنانی گەوهەری دیکە . ئەگەر خوێندنەوە ئاگاداریی و پێزانینی گشتیی ڕاگوزاریمان لە سەر هەموویان بداتێ , ئەوا دەتوانین لە دووتوێی هەڵبژاردنی , لانی کەم , یەکێك لەو شتانەوە , بە شێوەیەکی تایبەتی بکەوینە سۆراخی دۆزینەوەی نهێنی . با قەبارەی باسەکەمان بچوك بکەینەوە بۆ ئەدەب و لەوێشەوە بچووکتری بکەینەوە بۆ شیعر . هێشتا ئەم مەیدانەش بەو هەموو باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە لە سەری کراوە , زۆر لایەنی تەکنیکی و فکری بە تاریکی ماوەتەوە و ڕۆشن نەکراوەتەوە . بۆ نموونە , هێشتا مەسەلەی کێش و سەروا لە سەر بناغەیەکی مێژوویی و ژیربێژی و پێویستییەکانی بزووتنەوەی ناوەوەی شیعر یەکلایی نەکراوەتەوە . باس و لێکۆڵینەوە و ڕا و بۆچونی جیاواز زۆرن لە سەریان , بەڵام زیاتر وەکو تێڕامان و ڕاڤە کردنێکی بیرەوانیانە چوونەتە پرۆسەی دەرهێنانی پێناسەیانەوە . خۆدان لە دۆزینەوەی نهێنی هەر بابەتێك , لە پێشدا خوێندنەوەیەکی چڕوپڕ و پەیدا کردنی سەرچاوەی جۆراوجۆری بایەخداری دەوێت . هەر ئەنجامی ئەو کارە بۆ خۆی چەق پێ بەستنی بیر کردنەوەی لە سەر زیاد دەکات و لە دووتوێی تێهەڵکێش کردنیەوە بە ئەزموون و مێژووچە و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی یاساکانی زاڵ بە سەر بزووتنەوە ناوەکییەکەیدا , یان بە مەنزڵ دەگات , یان بڕێکی باش لەو ڕێگایە دەبڕێت . ئەگەر بە دەربڕینێکی کورت کۆتایی بە دووانم لە سەر سوودمەندی خوێندنەوە بهێنم , دەڵێم : لە پشتی هەموو داهێنانێکەوە خوێندنەوە ڕاوەستاوە . پێش ئەوەی ئاماژە بە هەندێ لەو پەرتووکانە بدەم کە جێگایەکی تایبەتییان لە جیهانی بیری مندا هەیە , دەمەوێت باس لەو لقە ئەدەبی و زانستییانە بکەم کە ئاشنایەتییەکی گیانییم لەگەڵیاندا هەیە . ئەگەر شیعر لە ڕیزی پێشەوەدا وەستابێت , ئەوا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆمان و شانۆگەریی و داستان و ڕووداوی مێژوویی و گەردوون ناسی و بایۆلۆجی , دەبنە گوڵەکانی ئەو بێشەیەی کە شیعر سەردەستەیانە . وە سەبارەت بە هەر یەکێکیش لەو لقانە چەندین پەرتووکیان هەیە کە جێگای شیاویان لە دڵی مندا هەیە . ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە حەز دەکەم پەرتووکەکانیان هەمیشە لە ماڵەکەمدا هەبن , لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆرن و ناتوانم لێرەدا ناوی هەموویان بهێنم . بەڵام بۆ ئەوەی هەم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە و هەم خۆیشم لە ناو هێنانی ئەو هەموو پەرتووکانە بپارێزم , تەنیا ئاماژە بە چەند پەرتووکێك دەکەم لە مەیدانی شیعری کوردیدا و بەس . ئەتوانم بڵێم دیوانەکانی نالی و مەحوی و مەولەوی و وەفایی و گۆران و هەردی لەگەڵ ( دەربەندی پەپوولە ) ی شێرکۆ بێکەس و

**( شەونامەی شاعیرێکی تینوو ) ی عەبدوڵا پەشێو و ( ملوانکەی هەزارویەك دەنکە ) ی جەمال شاربـاژێڕی کۆمەڵێکن لەو پەرتووکانەی کە حەز دەکەم هەمیشە لام بن . هەر وەك درێژ کراوەی ئەو پەرتووکانە , پێشم خۆشە هەمیشە کۆمەڵێك لە شیعرە نایابەکانی کانی حەمە عزیز و فاتیح عیززەدین و موحەمەد عومەر عوسمان میوانی کتێبخانە بچکۆلەکەم بن . ئەڵبەتە ئەم حەزەم بە هەندێك جیاوازییەوە لە نێوانیاندا زیاتر لە تەکنیکی شیعرییانەوە سەرچاوە دەگرێت .**

ڕزگار :- وەکو شاعیرێك ، مێژووی 14 ساڵی ڕابردوو ، واتە لە ڕاپەرینی 1991 وە بگرە تائەمڕۆ ، چۆن ئەخوێنیتەوە ، پێت وایە سەرەتایەکەو کۆتایەکی دیاری کراوی دەبێ ، پێت وایە هەگبەی ئەو ڕووداوانەی کە بەڕێوەیە ، ئاڵ و گۆڕی دڵخۆشکەری لە خۆی بار کردبێ ؟ پێت وایە ئایندەی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوا ؟

**بژار:- مێژووی 14 ساڵی ڕابووردوو , مێژووی کێشمەکێشی نێوان دوو هێز بووە . هێزێکیان هەمیشە بەرگری لە یەکسانی ژن و پیاو و مافە مەدەنییەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی دەربڕین و چاپەمەنی و مانگرتن و خۆپیشاندان و هتد کردووە , هێزەکەی تریشیان هەر دەم خەریکی زیندوو کردنەوەی پەیوەندیەکانی خێڵایەتی و داسەپاندنی کۆنە پەرستی ئایینی و بەکار بردنی دەسەڵاتی میلیشیایی خۆی بووە بۆ سەرکوت و پاشەکشە پێ کردنی ڕەوتی ڕوو لە پێشی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگادا . خەڵکانی کرێکار و زەحمەتکێش و حزب و ڕێکخراو و ئینسانە کۆمەنیست و پێشکەوتن خوازەکان , داواکاری هەرچی زیاتری چاکسازییە ئابوورییەکان و جێگیر کردنی ئاشتی و ئاسایش و ڕامالینی دواکەوتن و هێنانی شارستانیەتی سەردەمانە بوون بۆ کۆمەڵگا , لە کاتێکدا کە بەرەی حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و دوژمنەکانی مۆدێرنیزم لە لایەنە ئیسلامییەکان و نوێنەرە بێ ئاسۆکانی پەیوەندییە هەڵوەشاوەکان , هەر لە هەوڵی گەڕاندنەوەی کۆمەڵگادا بوون بۆ باوەشی سەردەمە بەسەرچووەکان . مێژووی 14 ساڵی ڕابووردوو مێژووی ململانێی چینایەتی بووە لە کوردوستاندا . مێژووی هێرش هێنانی برسیەتی و بە گژا چوونەوەی برسییەکان بووە . مێژووی وردە وردەی سەقامگیر بوونی بۆرژووای کوردی وەکو چینێك و بەرز بوونەوەی مەیلی ڕادیکالیزم بووە بۆ داسەپاندنی مەرجە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بە سەر ئەو چینەدا . ئەڵبەتە ئەم بارودۆخە , سەرەتایەکی بێ کۆتایی نییە . ناکرێت هەر ئاوا درێژە بە ژیانی خۆی بدات . گۆڕانکارییەکان دەستیان پێ کردووە و لەوەش دەچێت بەردەوام بن . لە باری سیاسییەوە ڕادیکالیزم هاتووە بە خۆیدا و فشارێکی لە سەر کۆنە پەرستی هێزە میلیشیا و دەسەڵاتدارەکان داناوە و لە باری ئابووریشەوە , کردنەوەی پرۆژەی جۆراوجۆر و چوونە پێشەوەی ئاوەدانی و هێنانە خوارەوەی بێکاری کە بەرئەنجامی دەست پێ کردن و جوڵانەوەی سەرمایەگوزارییە لە کوردوستاندا , بە بەراوورد بە ساڵانی پێشووەوە وەرچەرخانێکی پۆزەتیڤانەیە . بەڵام سەبارەت بە هەگبەی ئەو ڕووداوانەی بەڕێوەیە , بۆ لە خۆ گرتنی ئاڵوگۆڕی دڵ خۆشکەر , دەبێت پەیوەستیان بکەینەوە بە کێشمەکێشە چینایەتییەکان و هەلومەرجی عێراق و ناوچەکە و جیهانەوە . منیش**

**بۆ خۆم وەکو هەموو کەسێکی ئینسان دۆست پێم خۆشە ئالوگۆڕی دڵ خۆشکەر سەبارەت بە دانیشتووانی کوردوستان بەڕێوە بێت , بەڵام من ئامڕازی ئەم ئاڵوگۆڕانە دەگەڕێنمەوە بۆ هاتنە مەیدانی ئیرادەی هاوبەشی چەوساوەکان بۆ باشتر کردنی باری ژیانیان و دوا جاریش بڕیاردان لە سەر مەسەلەی چارەنووسی خۆیان .**

رزگارعومەر :- بەرهەم و پڕۆژە تازەکانت چین ؟

بژار :**کۆکردنەوەی شیعرەکانم و بە چاپ گەیاندنیان . تەواو کردنی لێکۆڵینەوەکەم لە سەر شیعرەکانی نالی . تەواو کردنی تێبینییەکانم لەمەڕ حزبی تازەوە بۆ هاوڕیان .توێژینەوەیەکیشم لە سەر یەکالا کردنەوەی شیعر و دەرهێنانی یاساکانی بە دەستەوەیە کە زیاتر لە 80 لاپەڕەم لە سەر نووسیوە , هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە وەستاندوومە بەڵام بە تەمام بچمەوە سەری و ئەگەر بتوانم تەواوی بکەم . ئەمانەی سەرەوە ئەو پڕۆژە و بەرهەمە تازانەن کە نیازمە هەنگاویان بۆ هەڵبگرم و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنم .**

رزگارعومەر :- کاك بژار من بە سوپاسەوە پرسیارەکانم تەواو ، تۆ لە کۆتایی ئەم دیدارە ، دووا ووتەت چیە بۆ خوێنەرانی دەنگەکان ؟

بژار :_ **بێگومان ئەم چاوپێکەوتنەت لەگەڵ مندا جێگای سوپاس و پێزانینمە , وە هیواداریشم لە بەسەر کردنەوەی ئەو هەموو شاعیر و نووسەرانەی کە پێویستە بەسەر بکرێنەوە , هەناسەت درێژ و پرسیارت بە بڕشت بێت . هەرچەندە ماڵپەڕی دەنگەکان وەکو ماڵپەڕێکی هەڵسوڕاو و شیاو , بە ئەندازەی خۆی , لە بردنە پێشەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا بۆ خوێنەران ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی گێڕاوە , بەڵام ئێمە هەر بەوەندە لێی ڕازی نابین و چاوەڕێی زیاتری لێ دەکەین . بەو هیوایەم خوێنەرانی دەنگەکان هەم لە زیاد بووندا بن و هەم بە ڕەخنەی بنیات نەر و پێشنیاری گوڵ ئامێزەوە ماڵپەرکەیان بە سوپاس کردنی هەموو ئەو کەسانەشەوە کە لە ژێر ئەرکی بەڕێوە بردنیدان , ببەنە پێشەوە .**